# گەپ و کۆمیدیا
# لە ئەدەبی منداڵاندا

زیاد ڕەشاد قادر

لێکۆڵینــەوەکان دەریانخســتووە خەنــدە پێــش پێکەنیــن لــەلای منــداڵ ســەر هەڵــدەدات، بەجۆرێــک لەنێــوان هەفتــەی یەکــەم و دووەم تــا مانگــی دووەم و ســێیەمی تەمەنــی منــداڵ بــزە دەیگرێــت. لەنێـوان سێ هەفتـە تـا شـەش مانگی تەمەنیشــی فێــری پێکەنیــن دەبێــت، هەندێکیــش دەڵێــن ســەرەتای پێکەنینــی منــداڵ لەگــەڵ شـیرخواردنی مەمکـی دایکـی دەسـت پـێ دەکات، ئەمــە بــەر لــەوەی فێــری هیــچ قســەیەک ببێــت و لـە هیـچ وشـە و پیتێـک حاڵـی ببێـت، هەروەهـا بەر لــەوەی منــداڵ لــە وشــەکانی نێــو دەقــی ئەدەبــی منـداڵان تێبـگات، پاشـان کـە هەندێـک گۆڕانکاریـی بەســەر ژیانیــدا دێــت، بــۆ نموونــە کــە گاگۆڵکــێ دەکات، یـان لەسـەر دوو پێیـان دەوەسـتێت و تـازە فێــری تاتــی تاتــی دەبێــت، لەگــەڵ هــەر جووڵــە و هەڵپەڕانــدن و خەنــدە بۆکردنێــک، زێتــر زمانــی پێکەنیـن شـارەزا دەبێـت و قـا قـا دەکێشـێت.

دواتــر کــە زێتــر چــاوی دەکرێتــەوە و فێــری خوێندنـەوە و نووسـین دەبێـت و وردتـر چشـتەکانی دەوروبــەری دەبینێــت، بــە سروشــت حــەز بــەو وشــە و وێنــە و دیمــەن و ڕووداوانــە دەکات، کــە بـۆ پێکەنیـن دەیوروژێنـن، بۆیـە ئاسـاییە منـداڵ کــە نەتوانێــت دەقــی بــاش و ســەرکەوتوو لــە هیــی ســواو و بێتــام جــوێ بکاتــەوە، وەلــێ بەبــێ ماندووبـوون و زۆرلەخۆکـردن، دەتوانێـت ئـەو دەق،

یان وێنەیەی ــ چ وەستاو، یان جووڵاو بێ کە دەیخاتە پێکەنین و دڵخۆشی دەکات، هەر زوو بیناسێتەوە و ئاشنایان ببێت.

لە دنیای ئەدەبی منداڵاندا، کاتێک کە دەقەکانی سەر بەو ڕشتەیەی ئەدەب لەڕووی ناوەرۆکەوە شرۆڤە دەکرێن، دابەش دەکرێنە سەر جۆرەکانی شیعر، یان چیرۆکی: خەیاڵی، خەیاڵی زانستی، ئەفسانەیی، پاڵەوانبازی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی، سەرچڵی و گاڵتەوگەپ و ...تاد.

ئەوەی ئێمە لێرەدا دەمانەوێت قسەی لەبارەوە بکەین، ئەدەبی گاڵتەوگەپە لە دنیای منداڵاندا. دیارە مەبەست لە ئەدەبی کۆمیدی، یان گاڵتەوگەپ، ئەو چەشنە ئەدەبەیە کە بەهۆی قۆشمەیی و سەرنجڕاکێشیی وشە و ڕووداو و دیمەنەکانەوە، منداڵ دەخاتە پێکەنین. تێکستی گاڵتەوگەپ و پێکەنیناوی بەشێوەیەکی گشتی سەرنجی منداڵ ڕادەکێشێت و جۆرێک لە کەیفخۆشی و ئاسوودەیی دەخاتە دڵی منداڵەوە و ئارامیی ڕوحی پێ دەبەخشێت، هەر لەبەر ئەوە منداڵ زۆر حەز لەو ژانرە ئەدەبییە دەکات، پێی خۆشە بەردەوام بۆی دووبارە بکرێتەوە، بەتایبەت منداڵانی تەمەن (٦ــ ١٢) ساڵان. د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان لەم بارەوە ڕاستی بۆ چووە، کە دەڵێ: «چیرۆک نابێ لە شادی و چێژ بێ بەش بێ، لە هەمان کاتدا نابێ بریتی بێ لە کۆمەڵێ پەند و ئامۆژگارییەکی وشک»، ئەم قسەیە بۆ شیعر و ئۆپەرێت و ڕۆمان و شانۆنامەی منداڵانیش هەر ڕاستە.

ڕەنگە لەگەڵ پرس و باسی کۆمیدیا و گاڵتەوگەپ لە ئەدەبی منداڵاندا، دەمودەست ئەوەش بێتە بەر زەین و خەیاڵ، ئاخۆ چۆن دەق و بەرهەمێک پێشکێش بە منداڵ بکرێت، لە یەک کاتدا لەلایەک تەنز و شۆخی و نوکتەی تێدا بێت، لە لایەکی دی ڕەچاوی لایەنی پەروەردە و ئاکار و ڕەوشتیشی تێدا بکرێت؟ ئەوە ڕوونە کە ڕەچاوکردنی لایەنی پەروەردە و بنەما پەروەردەییەکان، ڕەگەزی گرنگن و دەبێ هەموو دەم لەبەرچاو بگیرێن، بەڵام بۆ ئەوەی منداڵ بەپیری ئەو بەرهەمەوە بچێت و حەز بەو وانە پەروەردەیی و ئەخلاقییانە بکات و خۆی داوای خوێندنەوە و دیتن و بیستنی بکات، پێویستە پڕ بێت لە قسەی خۆش و کۆمیدی، واتە دەکرێ لە پەنای ئەو قسە خۆش و پێکەنیناوییانەوە منداڵ لەسەر هەندێک ئاکاری جوان و دوورکەوتنەوە لە دیاردەی ناپەسەند و نەشیاو ڕابهێنرێت، یان دەتوانین بڵێین وشە و ڕستە و پەرەگرافەکانی نێو هەر دەقێک لەپاڵ بە پێکەنین خستنی منداڵ جوان و وەستایانە پێکەوە بەسترابن، بەجۆرێک هەڵگری هیچ ئاماژە و وشەگەلێک نەبن، کە پەیام و مانا و ناوەرۆکێکی نەرێنییان تێدا بێت.

لە دەقی پێکەنیناویدا، دەکرێ باس لەو ڕووداوانە بکرێت کە منداڵ ڕۆژانە دەیانبینێ و دەیانبیستێ.

دەشکرێ هەندێ جار چشتی خەیاڵی، یان زۆر لە واقیعی ڕۆژانەی منداڵ دوور بن، هەر وەک بەشێک لەو دەقانەی لایەنی تەنز و پێکەنینیان تێدایە، ڕەنگە ئەفسانە و هەقایەتە فۆلکلۆرییەکان بن. لە بیریشمان نەچێت لە فۆلکلۆر و کەلەپووری ئێمەدا ئەو چەشنە ئەدەبە هەبووە، ئەوەتا لە چیرۆکی شیر دا بۆ داپیر دا و شێتۆکە و ئاقڵۆکە و چەندان بەرهەمی دیکە، ڕستێک دیمەنی کۆمیدییان تێدایە، بە هەمان شێوە لە کۆمەڵێک پێشبڕکێ

و مەتەڵ و هەڵهێنن و خێرا گوتن و یاریی منداڵانەدا. توخمەکانی گەپ و شۆخی و خستنە پێکەنینی تێدایە، ئەمە لە کاتێکدا زۆریان هیچ سەرنجێکی ئەوتۆیان لەسەر نییە کە لەگەڵ بنەما پەروەردەییەکاندا دژ بوەستنەوە.

بە بڕوای ئێمە ئەدەبی گاڵتەوگەپ، یان پێکەنیناوی لە دەقی منداڵانەدا، پێویستە بەجۆرێک بێت قدیلانەی منداڵ بکاتەوە و بیخاتە بەزم و خۆشی و تریقانەوە، بەڵام ناشبێت وشەی نەشیاو و نادروستی تێدا بێت منداڵ بەرەو قسە و هەڵسوکەوت و جووڵەی ناڕێک ببات. تێکستی سەرکەوتووی گاڵتەوگەپ گەرەکە وا لە منداڵ بکات لە ترس و دڵەراوکێ و خەمۆکی دوور بکەوێتەوە و تا تینی تێدایە قاقا لێ بدات، ئەها چەندە ئازایەتییە بتوانین وا لە منداڵ بکەین بە ڕووخۆشی و گەشبینی و بزە و بیرکردنەوەی ئەرێنییەوە لە ژیان بڕوانێت و هەنگاو بنێت، لەگەڵ ئەوەش ئەم هەنگاوی دڵخۆشکردن و بە پێکەنین خستنەی منداڵ، مەرجە نەگاتە شێوەیەک لە شێوەکانی سووکایەتی، یان بە کەم تەماشاکردنی ئەوی دی، نەبێتە هۆی لەخۆباییبوونی منداڵ و بەجۆرێک بە چاوێکی نزم سەیری خەڵکی گەڕەک، شار، وڵات، نەتەوە، ئایین، ڕەگەز و ڕەنگی دیکە بکات، چونکە ناکرێ هەر بەناوی بە پێکەنین خستنی منداڵ، یان ئەدەبی گاڵتەوگەپەوە، هەندێ وشە و ڕستە ڕیز بکەین بێ ئەوەی کێش و ڕیتم و ئاوازیان ڕێک و هارمۆنی بێ، یان زمان تێک بشکێنین، یان جوێن و پلار ئاراستەی کەسێک بکرێت و ...تاد.

هیچی تێدا نییە ئەگەر منداڵ لە تەماشاکردنی فیلمێکی کارتۆنی، یان لە خوێندنەوەی دەقێکی منداڵانەی ئەدەبیدا، کە لە ئەنجامی جووڵە و بزێوی ڕێوییەک دەموچاوی بە تەنی و دووکەڵ ڕەش دادەگەڕێت، یان مەیموونێک لەسەر پەلکی مۆزێک پێی دەخلیسکێت و بەردەبێتەوە، یان بێچووە ورچێک بەهۆی بەفربارینەوە شوێنپێکانی پڕ دەبنەوە، ئیدی ڕێگەی ماڵی خۆی بزر دەکات و دەبێتە مێوانی کەسێکی دیکە، یان پشیلەیەک کە گەرەکیەتی جلکی خۆی بدوورێتەوە، بەڵام دواتر کە دەبینێ بە دەرزی مووی پەنجەی دەستی خۆی دووریوەتەوە، یان پیاوێک کە بە ستوونێکدا هەڵدەگەڕێت تا ئاگادارییەک بخوێنێتەوە، کەچی دواتر دەبینێ نووسراوە ئەو ستوون، یان دارتێلە بۆیە کراوە و ... تاد، بەڵام نابێت خوێن و کوشتن و مردن و خنکان و دیمەنەکانی دیکەی هاوشێوەیان پیشانی منداڵ بدرێت.

دەقی کۆمیدی و پێکەنیناوی بۆ سەرگەرمکردن و چێژ و زاخاوی مێشک زۆر گرنگن. کارێکی باش دەکەین ئەگەر وا لە منداڵ بکەین، هەر وێنەی ڕاستی، یان دەستکردی تووتی، یان کەروێشک، یان ڕێوی، یان سمۆرەی دیت، یادگارییەکی خۆشی بیر بێتەوە، جووڵە و نماییشی هەر یەک لەم گیاندار و باڵندانەی بێتەوە بەر چاو و هەست و ناخی ختووکە بدەن، نەک هەر کە ئەو گیاندارانەی دیت حەز بە ئازاردانیان بکات، یان خوانەخواستە ڕوحی دۆستایەتی و بەزەیی هاتنەوە بە گیانەوەرانی لەکن کاڵ بێتەوە.

بەشێک لەو دەقە ئەدەبییە جیهانییانەی کە لە کات و شوێنی جودادا بۆ منداڵ نووسراون، پاشان لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە بە ئێمە و زۆربەی گەلانی دیکەی دنیا گەیشتوون، ئەگەر ڕووداوی نێو دەقەکان لە بنجدا کۆمیدییش نەبن، ئەوە زۆر جار بۆ چێژ و سەرنجڕاکێشانی

منداڵ، هەندێک وشە و گۆشە و دیمەنی وەهایان تێ ئاخنراوە، کە منداڵان بخەنە پێکەنین و تریقانەوە.

لەوانە نووسەرانی ئەڵمانیایی یاقوب جایکوب (١٧٨٥ -١٨٦٣) و فیلهلم (١٧٨٦ -١٨٥٩) ناسراو بە (برایانی گریم) لە چیرۆکی بەناوبانگی دەنکە هەناردا، چەندە ڕووداوەکانی ناوی و ڕۆڵی پاڵەوانی چیرۆکەکە کاریگەرن، هێندەش ڕەنگ و ڕوو و جووڵەی کۆمیدییانەی حەفت کورتەبالآیەکە، خۆش و پڕچێژ و کاریگەرن. هەر لە چیرۆکی بزن و حەفت کارژۆڵەکەی (برایانی گریم)دا، هێندەی دیمەنە کۆمیدییەکانی وەک خۆگۆڕینی گورگ بۆ ئەوەی نەناسرێتەوە و خۆشاردنەوەی کارژۆڵەکان لە کاتی وەژوورکەوتنی گورگدا، پاشان بەرد ئاخنینە ناو زگی گورگەکە و تاد... ئەوەندە سەرنجی منداڵ ڕادەکێشن، هەرگیز هێندە ئامۆژگاریی بزنەکە بۆ بەچکەکانی و هەوڵی خۆراک پەیداکردنی بۆیان هاندان و مەراقی تێدا نییە. هەر برایانی گریم لە چیرۆکی ڕدێن پۆڕ و چەندان چیرۆکی دیکەدا، ئەو ڕەگەزە گرنگەی منداڵ خستنە پێکەنینیان لە بیر نەکردووە.

نووسەری بەناوبانگی دانیمارکی هانز کریستیان ئەندەرسن (١٨٠٥ - ١٨٧٥) لە چیرۆکی چەرخدا، هەقایەتێکی ئەفسانەییمان بۆ دەگێڕێتەوە کە هەقایەتەکە لە ئەسڵدا خۆی کۆمیدی نییە، بەڵام ئەو لە دیمەنێکی پەراوێزیدا وێنەیەکی پێکەنیناوی دەئاخنێتە نێو چیرۆکەکە، کە دیمەنی ئەو پیاوە بۆیاخچییەیە لە پەلەپەلییان تاکێک پێڵاوی لێ جێ دەمێنێ، لە چیرۆکەکەدا ئاماژە بەوە کراوە: «کە شاگردە بۆیاخچییەکەشیان لەگەڵ بوو، ئەو دەیویست بە بەروانکەی چەرمین و جووتێک پێڵاوەوە بچێت، بەڵام هێندە شپرزە و تەنگاو بوو و ئەوەندە بە پەلەپڕووزێ پێی پێوەنابوو، لەو ڕاکە ڕاکەدا لنگە پێڵاوێکی پەڕی و لە نێزیک پەنجەرەی شیشەبەندی سەربازەکە کەوتە خوارێ».

نووسەری بولگاریایی ئەنگێل کرالیچێڤ (١٩٠٢- ١٩٧٢)، لە چیرۆکی بووکەبەفرینە، دوو کارەکتەری نێو چیرۆکەکە کە دوو منداڵی یەک خێزانن، دوای ئەوەی گوێیان لە بابیان دەبێت، دەڵێ: شەپۆلێکی سەرما و سۆڵە هاتووە و ئەمشەو گیانلەبەرێ بە ساغی دەرناچێ، ئیدی هەردوو منداڵەکە دەکەونە خەمی بووکەبەفرینەکەیان، بۆیە پاش ئەوەی دایبابیان خەویان لێ دەکەوێ، دەچن بووکەبەفرینەکە دێننە ژوورێ و لە گوێ ئاگردانەکە جوان دایدەپۆشن، کە بۆ سبەینێ لەگەڵ لە خەو هەستانیان بۆ لای بووکەبەفرینەکە غار دەدەن، بەڵام چ ببینن؟ لەباتی بووکە بەفرینە چاوشینەکە، گۆلاوێ وەستابوو! وەک دەبینین لێرەدا نووسەر بەزەیی و دڵپاکی ئەو دوو منداڵەی ورد خستووەتە ڕوو، لە هەمان دەمدا وێنەیەکی کۆمیدیی وایشی پیشان داوە، ئەوەی بیخوێنێتەوە بزەی دێتە سەر لێوان.

شیعرە بەناوبانگەکەی ئەدیبی فەڕەنسایی جان دی لافۆنتین (١٦٢٣ ــ ١٦٩٥) بە ناوی قەل و ڕێوی، کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا لەلایەن دڵداری شاعیرەوە (١٩١٨ــ ١٩٤٨) وەگێڕراوەتە سەر زمانی کوردی، یەکێکە لەو تێکستانەی لایەنی کۆمیدی تێدایە بۆ منداڵ سەرنجڕاکێشە. دڵداریش کە لە سەرەتاوە دەڵێ: «یەک لە پەندە خۆشەکانی لافۆنتین شاعیری ئێسک سووکی فەڕەنسایە کردوومە بە کوردی» وای کردووە زێتر خوێنەر بەگشتی و منداڵ بەتایبەتی حەزی بچێتە خوێندنەوەی.

لە ئەدەبی منداڵانی کورددا، بەتایبەت ئەو شاعیر

و چیرۆکنووسانەی لە چارەگی یەکەمی سەدەی بیست و یەکدا نووسیویانە، بە ژمارە یەکجار زۆرن و دەتوانین بڵێین بە سەدان و هەزاران کتێب و نامیلکە کە شیعر و چیرۆکی منداڵانەیان لەخۆ گرتووە، چاپ و بڵاو کراونەتەوە، بەڵام لەنێو ئەو سەدان و هەزاران دەق و بەرهەمانەدا، کەمێکیان — زۆر کەم — ئەو لایەنەیان لەبەرچاو گرتووە و توخمی تەنز و کۆمیدییان تێدایە.

کازم کۆیی، کە ساڵانێکە لەپاڵ نووسین بۆ گەوران، لە نووسینی بواری ئەدەبی منداڵانیشدا جێدەستی دیارە، لە بەشێک لە دەقەکانیدا، ویستوویەتی لەگەڵ گەیاندنی پەیامە پەروەردەیی و فێرکارییەکەی، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، هەروەها لە ڕێگەی بەکارهێنانی چەندان وشە و واژە و وێنەی کۆمیدییەوە، وای کردووە منداڵان بخاتە پێکەنین و زێتر بەپیر دەق و نووسینەکانییەوە بچن، بۆ نموونەی لە تێکستێکی شیعریدا بەناوی پێخواستی، کە کراوە بە گۆرانیش، کازم کۆیی بە تەکنیک و ستایلێکی تایبەت منداڵ ڕادەکێشێتە نێو وشە بە وشەی دەقەکەوە، ئەو لە شیعرەکەدا دەڵێ:

**دایکم ناردمی بۆ ماستی**
**غارم دا بە پێخواستی**
**بزمارەک لە پێم ڕاچوو**
**ماست کڕینم لە بیر چوو**
**بەشەلەشەل چوومەوە**
**دوو جاران بەربوومەوە**
**کە دایکم سەیرمی کرد**
**وتی ڕۆڵە بۆ وات کرد**
**بۆ پێڵاو لە پێ ناکەی**
**تاکەی پێت بڵێم تاکەی**
**جارێکی تر وا نەکەی**
**بە پێخواستی ڕانەکەی**
**نەچیتە دەر بێ پێڵاو**
**وتم دایە بەسەرچاو**

ئەگەر بە وردی تەماشای ئەم هۆنراوەیەی کازم کۆیی بکەین، دەبینین هیچ وشە و دەستەواژەیەکی نەشیاوی تێدا نییە، بەڵام لەبری ئەوەی بێت بڵێت ئەگەر لەکاتی چوونە دەرەوەدا منداڵ پێڵاو لە پێ نەکات، ئەوە زیانی پێ دەگات، لەباتی ئەوەی بڵێ پێویستە منداڵ گوێ لە ئامۆژگاریی دایکی بگرێت و پەشیمان بێتەوە لەو ڕەفتارەی و بەڵێن بدات کە جارێکی دی بە پێخواسی نەچێتە دەرێ، لەجێی ئەوە، شاعیر هاتووە بەشێوەی کۆمیدی وێنەی منداڵێک نیشان دەدات، کە لە ئاکامی بە پێخواسی چوونە دەرەوەدا، زیانی بەر کەوتووە بە ناچاری بە شەلەشەل چووەتەوە ماڵێ و لە بیری چووە بۆ چ کارێک نێرراوە، دوایی ڕۆڵی دایک و پەرۆشی بۆ منداڵ و گوێڕایەڵیی منداڵیش بۆ دایک هەر بەشێوەی گەپ و پێکەنیناوی خراوەتە ڕوو. لێرەدا ئەگەر پێشوازی و تێکەڵبوونی منداڵ بە دەقی ئەدەبی بکەینە پێوەری سەرکەوتنی هەر دەقێک، ئەوە وا دەبینرێت کە زۆربەی منداڵان بەپیری ئەو دەقەوە دەچن کە کازم کۆیی نووسیویەتی، نەک ئەو شێوە وشک و ئامۆژگارییە ڕاستەوخۆیەی کە تەنیا فێرکاری، یان پەروەردەییە.

هەر کازم کۆیی لە شیعرێکی دیکەدا بەناوی مشک و پشیلە، دێت گفتوگۆی نێوان باب و کوڕێکمان بۆ دەگوێزێتەوە، لە کاتێکدا مشکێک بەو ناوەدا ڕەت دەبێت، لە بەشێکی شیعرەکەدا ئەوە دەخوێنینەوە:

**کوڕم بۆ وا ڕاپەڕی**
**باوکە مشکێک دەرپەڕی**

**کوانێ کوڕم بۆ کوێ چوو**
**باوکە لێرە بۆی دەرچوو**
**بینیم ڕای کرد بۆ دەرێ**
**خێرا ئەم گەسکەم بەرێ**
**تا بابە چووە حەوشێ**
**هەتا لە پێی کرد کەوشێ**
**پشە سپی میاواندی**
**مشکەی گرت و ڕفاندی**

محەمەدفەریق حەسەن لە چیرۆکی (هەنگەژاڵ)دا، لە چەند ڕووداوێکدا کە لە کاتی جیاوازدا دەقەومێن، خوێنەر بەگشتی و منداڵ بەتایبەتی دەخاتە بزە و پێکەنین، کاتێک ورچەکان بەدووی هەنگویندا دەگەڕێن و بەردەبنەوە و هەڵدەستنەوە: «بەسەر بەرد و بە نێو دڕک و کەندولەندا، بە غار شوێن هەنگەکان کەوتن. ئەوان نەدەوەستان، چاویشیان بڕیبووە ئاسمان، بۆیە هەڵدەنووتان، دەکەوتن و هەڵدەسانەوە»یان تەقڵە لێ دەدەن و دەکەونە سەر یەکدی: «سیانەکەی دیکەش وەستان، بەڵام هێندە لەپڕ وەستان، یەکی چەند تەقلەیەکیان لێ دا و بەسەر یەکتردا کەوتن» لە بڵندایییدا غلۆر دەبنەوە خوارێ و دەکەونە بۆڵە بۆڵ: «ئیدی هەر چواریان بە تەپاوتل بە قەدپاڵی چیاکەدا خلۆربوونەوە. دەوەنیان شکاندەوە. بنچکیان شێلا. بەرد و گڵیان تلۆر کردەوە. بەدەم هەڵدێرانەوە دەیانبۆڵاند و هاواریان دەکرد». ئەو دیمەنی خلۆربوونەوە و بەسەریەکداکەوتنی ورچەکان، چیرۆکەکەی بەچێژتر کردووە و وێنەیەکی هونەریی ناسک و سەرنجڕاکێشە.

زیاد ڕەشاد قادر لە چیرۆکی سۆمای پاکژدا، باس لە خێزانێک دەکات کە کیژۆکەکەیان ناوی سۆمایە و نیازی گەشتێکی بەهارییان هەیە، ئەوجا سۆما بەهۆی ئەوەی دەخوازێت هەموو کارەکان بەڕێکوپێکی بەڕێوە بچن، بۆیە خشتەی ئەرکەکان لەنێوان خۆی و خوشک و دایبابی دابەش دەکات، ئەوەی بەر خۆی دەکەوێت شووشتنەوە و پاککردنەوەی هەموو ئەو سەوزە و میوەیەیە کە بۆ سەیران دەیبەن، بەڵام لەمیانی پاککردنەوەی کەلوپەلەکان، ڕەژووش دەشواتەوە، دواتر کە دەگەنە شوێنی مەبەست و دەیانەوێ ئاگر بکەنەوە، ڕەژووەکە ئاگر ناگرێت، لێرەدا دیمەنێکی پێکەنیناوی دروست دەبێت و بابی سۆماش هەر بە شۆخی و قسەی خۆش کۆتایی پێ دێنێت، لە چیرۆکەکەدا دەڵێت: «دوای گەڕان و ماندووبوون و یاری و قسەی خۆش، کاتی تکە لێدان هات، نەسرین هەرچی کردی نەیتوانی ئاگر بکاتەوە و خەڵوزەکە گڕی نەدەگرت، بۆیە ڕووی کردە باییز و گوتی: «توخوا ئەمە خەڵوزە کرپیوتە؟»». مام باییز سەرێکی لەقاند: «بێنە شخارتەکە بێنە». ئەویش هەرچی کرد دانەگیرسا. خەڵات دەیگوت «بابە خەتای شخارتەکە نییە؟»». سۆما نەوتی زێتری بەسەر خەڵوزە شۆردراوەکەدا دەکرد، مام باییز دەنک لەدوای دەنکی شخارتەکەی لێ دەدا و دەیگوت: «نا، نەوتەکە خراپە، نەوت». لەم کاتەدا سۆما بە دەنگێکی بەرزتر لە هەمووان گوتی: «بڕوابکەن ئەم خەڵووزەم لە هەموو شتەکانیدی باشتر شوشتووەتەوە». نەسرین و خەڵات پێکەوە گوتیان: «چییی؟»». مام باییزیش بە دەنگێکی خەندەئامێزەوە بە سۆمای گوت: «ئەوە هەموو ئیشی تۆیە گڕ ناگرێت مامۆستای پاکژی!»».

لە کۆتاییدا ئەوەی پێویستە بگوترێت، مفا و باشییەکانی تێکستی کۆمیدی و پێکەنیناوی زۆر و زەبەندن، بەگشتی جووڵە و چالاکیی منداڵ زیاد دەکات، منداڵ لە خوێندنەوە و دیتنی دەقی گاڵتەوگەپدا، هەست بە جۆرێک لە نوێبوونەوە دەکات و ئاسۆی بیرکردنەوەی فراوان و حەزی

**تێگەیشتنی زیاد دەبێت، هەروەها سەلیقەی ئەدەبی و هونەری منداڵ پێش دەخات. لەبەر ئەوە گرنگە شاعیران و نووسەرانی مەیدانی ئەدەبی منداڵان زێتر لا لەم توخمە گرنگە بکەنەوە، بەمەش منداڵ پتر بە خوێندنەوە و خۆڕۆشنبیرکردن ئاشنا بکەن و کۆی ژانرە ئەدەبییەکانی لەکن خۆشەویست بکەن.**

**سەرچاوەکان:**


١ - د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، مەلۆیێ لە ئەدەبی منداڵانی کورد، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٨.

٢ - ئەنگێل کرالیچێڤ، دنیای چیرۆک بۆ منداڵان، شوکور مستەفا لە تورکییەوە کردوویە بە کوردی، چاپخانەی (سلمان الاعظمي)، بەغدا، ١٩٦٩.

٣ - برایانی گریم، چیرۆکی بەرئاگردان، بەرگی یەکەم، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەزیز گەردی، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٧٩.

٤ - زیاد ڕەشاد قادر، سۆمای پاکژ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چ١، هەولێر، ٢٠١٢.

٥ - (عبدالخالق علاء الدين)، دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، (دار آفاق عربية للصحافة والنشر، بغداد، ١٩٨٥.)

٦ - محەمەدفەریق حەسەن، هەنگەژاڵ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چ١، هەولێر، ٢٠١١.

٧ - هانس كريستيان أندرسن، قصص ،حكايات خرافية، ترجمة: دنى غالي و ستي غاسموس، دار المدى للثقافة والنشر، ط١، ٢٠٠٦.

٨ - هەردوو شیعرەکەی مامۆستا کازم کۆیی، کە لەم باسەدا بە نموونە هێنراونەتەوە، بە سپاسەوە لە بەرواری ٢٠٢٢/٩/٣٠ لەڕێگەی نامەیەکەوە لە شاعیر وەرگیراون.